هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT
COUNCIL OF MINISTERS
MINISTRY OF Labor And Social Affairs

أقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة العمل والشؤون الاجتماعية
مديرية الشؤون القانونية

ژمارە : ٢٧١٢\١
ڕێکەوت : ١\
No :
Date : ١ / ١١ / ٢٠١٢

# ڕێنمایی ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠١٢)

٢٠١٨١٠

**پشت بەستن بە ئەحکامی (ماددەی ١٥٢) لە یاسای کار ژمارە (٧١) ی ساڵی (١٩٨٧) ئەو ڕێنماییانەمان دەرکرد :**

## ڕێنماییەکانی مۆڵەت پێدانی کۆمپانیاکانی بەکارخستنی کرێکاری خۆماڵی لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان - عیراق

**ماددەی (یەکەم) :**

کاری کۆمپانیاکانی بە کارخستن بریتییە لەو خزمەتگوزاریانەی کە دەبێتە مایەی ڕێکخستن نێوان خستنەرووی بە کارهێنان و داواکاری لەسەری ، بە بێ ئەوەی ببێتە لایەنێك لەو پەیوەندیەی کە لە ئەنجامیدا دروست دەبێت .

**ماددەی (دووەم) :**

وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی وە یان ئەو کەسەی دەسەڵاتی لەلایەن وەزیرەوە پێ دەدرێت . دەسەڵات پێدانی مۆڵەتی کردنەوە و سەندنەوە و بەدواداچوون لە کارەکانی کۆمپانیاکانی بەکارخستن لە کەرتی تایبەتی هەیە و لیژنەیەکی پسپۆری تایبەت پێکدەهێندرێت بۆ ئەم مەبەستە .

**ماددەی (سێ یەم) :**

مەرجەکانی کردنەوەی کۆمپانیاکان :

١. کۆمپانیاکە تۆمارکرا بێت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماری کۆمپانیاکانی هەرێم .
٢. پێشکەش کردنی بەڵگە نامە فەرمییەکان .
٣. دابین کردنی شوێنێکی گونجاو بۆ کۆمپانیاکە لە گەڵ گشت خزمەتگوزارییەکان .
٤. کارمەندانی کۆمپانیا پێویستە لێهاتوو و ڕاهێنراو شارەزاییان هەبێت لەو بوارە.

**ماددەی (چوارەم) :**

کۆمپانیا بۆی نیە هیچ پارەیەك (تێ چوو وە یان رسومات) لە کرێکار وەربگرێت بەرامبەر دۆزینەوەی هەلی کار بۆی ، ج بە ڕێگای ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ .

Wrya ٢٠١٢/١١/١٢

ناونیشان: هەولێر - پشت قەڵا
ژمارەی تلفون : ٠٦٦٢٥٤٨٠٩٨

**ماددەی (پێنجەم) :**

١. کۆمپانیا مافی ڕێککەوتنی هەیە لەگەڵ ئەو پرۆژانەی کە داوای کرێکار دەکات لە سەر بڕە پارەیەك بەرامبەر دابین کردنیان .

٢. پێویستە گرێبەستی کار هەبێت لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان وە لە دادنووس پەسەند بکرێت .

**ماددەی (شەشەم) :**

لەسەر کۆمپانیا پێش ڕەوانە کردنی کرێکار بۆ شوێنی کار ، دڵنیابوونی لە مەرجەکانی تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی لە شوێنی کارەکە .

**ماددەی (حەفتەم) :**

کۆمپانیا تەنها بۆی هەیە داوای ئەو زانیاریانە بکات لە کرێکار کە لە فۆڕمی دۆزینەوەی کاردا هاتووە کە تەنها بریتیە لە توانا و شارەزایی و پیشەی داواکاری کار .

**ماددەی (هەشتەم) :**

بە نەبوونی هیچ چالاکیەك دوای تێپەربوونی **(شەش مانگ)** لە سەر پێدانی مۆڵەتی کردنەوەی کۆمپانیا ، مۆڵەتەکەی لێی دەسێندرێت بە پێی ڕاسپاردەی لیژنەی ئاماژەکراو لە مادەی (دووەم) .

**ماددەی (نۆیەم) :**

نابێت کۆمپانیا بە هیچ شێوەیەك ئاگاداری بڵاوبکاتەوە بە هەبوونی پۆست (کار)ی وەهمی .

**ماددەی (دەیەم) :**

لەسەر کۆمپانیایە گشت ئەو تۆمارانە ڕێك بخات کە بۆ بەکارخستنی کرێکاراندا پێویست هەبێت ، و مانگانە زانیاری تەواو ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی کار و خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بکات وە کارەکانی دەکەوێتە ژێر سایەی لیژنەی پشکنین .

**مادەی (یازدەم) :**

کۆمپانیا بۆی نیە کاری بەڵێندەر بکات بە دۆزینەوەی کاری ڕۆژانە بۆ کرێکاران .

**ماددەی (دوازدەم) :**

تۆمار کردنی ناوی ئەو کرێکارانەی خوار (١٥) ساڵ قەدەغەیە بەپێ ی یاسا و ڕێنماییەکان .

Wrya ٢٠١٢/١١/١٢



Scanned with CamScanner

**ماددەی (سێزدەم) :**

پەیرەوکردنی بنەماکانی یەکسانی و دادپەروەری لە دەستنیشان کردنی کرێکاران ، دوور لە جیاوازی لەسەر بنەمای ڕەنگ ، ئایین ، ڕەگەز ، پایەی کۆمەڵایەتی و هەرشێوەیەکی تری جیاکاری .

**ماددەی (چواردەم) :**

ناکرێت کۆمپانیا کرێکاری تر دابین بکات بۆ ئەو شوێنەکارەی کە کرێکارەکانی مانیان گرتبێ .

**ماددەی (پازدەم) :**

بە پابەند نەبوونی کۆمپانیا بە یاسا و ڕێنماییەکان دوای ئاگادارکردنەوەی بۆ دوو جار بە شێوەی فەرمی مۆڵەتەکەی لێ دەستێندرێت بەپێی ڕاسپاردەی لیژنەی ئاماژەکراو لە مادەی (دووەم) .

**ماددەی (شازدەم) :**

ئەو ڕێنماییانە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان کاری پێ دەکرێت .

لەگەڵ ڕێزدا....

**ئاسۆس نجیب عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

١١ / ١٩

وێنەیەک بۆ /

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ، بۆ زانین لەگەل ڕێزدا .
- و . داد / ب . ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ، بۆ بڵاوکردنەوەی لەگەل ڕێزدا .
- گشت وەزارەتە بەڕێزەکان ، بۆ کاری پێویست لەگەل ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر ، بۆ زانین لەگەل ڕێزدا .
- بەڕێز ڕاوێژکاران ، بۆ زانین لەگەل ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێز پشکێنەری گشتی ، بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا .
- ب . گ . کارودەستەر کۆمەڵایەتی ، بۆ کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرە گشتیەکانی سەر بە وەزارەت ، بۆ زانین ، لەگەل ڕێزدا .
- گشت بەریوەبەرایەتیەکانی سەر بە وەزارەت ، بۆ زانین لەگەل ڕێزدا .
- ب. کاروباری یاسایی / لەگەڵ بەرابیەکان .
- خولاو .

Wrya ٢٠١٢/١١/١٢



Scanned with CamScanner